و: بەکرشوانی

# چەتەگەری لەسەر شێوازی مافیا

**شاکیر سویتەر – ڕۆژنامەی ئاکشام ٢٠٠٣/٧/٨:**

(کوردەکانی عێراق بە درێژایی چەندین ساڵ هەندێ جار کارتی گەمەی ئینگلیز و هەندێ جاری تر ئەمەریکا، مۆسکۆ، جاربەجار ئێران و ماوەیەکی زۆریش لەیستۆکی سەدام بوون. هەمیشە یەکێکیان لێ بەکارهێنراوە، جا بارزانی بووبێت یان تاڵەبانی. کوردەکانی باکوری عێراق ئێستا لە دۆخێکی تەواو جیاوازدان و چیدی کارتی گەمەی کەسانی تر نین، بەڵکو ئێستا ئەوان ئەمەریکایان کردووە بە لەیستۆکی خۆیان و زۆر بە ڕاشکاوی سەربازەکانی ئەمەریکا بەکار دێنن. ئەمەریکاییەکان بە ڕەسمی و بە ئاشکرا لە عێراق بوون بە کارتی گەمەی کوردەکان و ئەو ڕەزالەتەی بە سەریشمان هات بەرهەمێکی ئەو "دەزگایەیە. " هەوڵی کوشتنی سەرۆکە کوردەکەی شارەوانی کەرکوک بخەنە لاوە. . . پێویستە ئەمەریکاییەکان ئەوە بزانن کە سوپای تورکیا بە درێژایی مێژووی خۆی لەم جۆرە ڕەفتارەی لێ نەوەشاوەتەوە، کەچی هەمان ئەو ئەمەریکاییانە پاش ئەوەی هەواڵی " دەستدرێژی کردنەکە" لە کوردەکانەوە دەبیستن، ١١ سەربازی تورک بە دیل دەگرن.)

# بێشەرمی و ئەولاتریش

**حەسەن جەمال – ڕۆژنامەی میللیەت ٢٠٠٣/٧/٨:**

(بەڵێ، ئەو بێشەرمیەی ئەمەریکا نواندی، نە دەکەوێتە خانەی دۆستایەتی و نە هاوپەیمانی و نە هیچی ترەوە و ئەمەریکا ناچارە داوای لێبوردن لە تورکیا بکات. حکومەتی سەرۆک بوش ئەگەر خوازیارە بە ڕاستی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا ڕێکبخاتەوە، ئەوا پێویستە هەنگاوی یەکەمی ئەوە بێت کە داوای بەخشین بکات. ئەمەریکا لەدژی هەبوونی تورکیایە لە باکوری عێراق و کوردەکان و عەرەبەکانیش هەر لەدژن، واتا هەلومەرج لە دوای سەدام گۆڕاوە. ئەگەر یاداشتانەمەکە ڕەتنەکرایەتەوە، ئەوا ئەمڕۆ مەودای مانۆری تورکیا فراوانتر دەبوو. هەڵبەتە ئەنقەرە ئەو هەستەی هەر لا دەمێنێتەوە کە باکوری عێراق هەمیشە بنکەی هێرش و سەرچاوەی نائارامیە بۆ تورکیا، بەڵام وا دیارە هەبوونی سەربازیمان لە باکوری عێراق بە شێوەیەکی حەتمی ڕوو لە کۆتاییە. لە ڕەوشێکی لەو جۆرەدا پێویستە ئێمە چی بکەین؟

١– بڕیاردان دەربارەی پەیوەندیەکی نوێ و ڕاستبینانە لەگەڵ ئەمەریکا. . .
٢– خۆشکردنی زەمینەیەکی باش و پتەو بۆ پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی عێراق و بینینی گرنگی ئەم هەنگاوە سەبارەت بە هاولاتیانی کوردی تورکیا. . .
٣– تێگەیشتن لەوەی کە هەڵەیە ئەگەر بێت و تەنیا لە پەنجەرەی کوردەکان یان تورکمانەکانەوە سەیری عێراق بکرێ. . .
٤– هەروەها گۆڕینی هزر (مەنتالیتێت) :

ئەنقەرە پێویستە تێبگات کە ئەو مافە دیموکراتیانەی لە چوارچێوەی یاساکانی هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا بە کوردەکانی تورکیا ڕەوا دەبینرێ، بە واتای ئارام بوونەوەی تورکیایە سەبارەت بە باکوری عێراق.)

# ئەمەریکا هاوپەیمانی کێیە؟

**تەها ئاکیۆل – ڕۆژنامەی میللیەت ٢٠٠٣/٧/٨:**

(ئەفسەر ولیام مایڤیل مانگی ئاپریلی ڕابردووش لە هەولێر ئەندامەکانی تیمی تایبەتی تورکیای دەستگیر کرد، بەڵام بەر لەوەی ڕووداوەکە گەورە بێتەوە، ئازادی کردن. دواتر هەمان ئەفسەر، لە کەرکوک پێشمەرگەکانی تاڵەبانی دایە پاڵ خۆی و لە سلێمانی پەلامارێکی پێکهێنا، سێ ئەفسەر و هەشت سەربازی ئێمەی ڕفاند. ئەفسەر مایڤیل وەکو ئەوەی بڵێی بۆ تێکدانی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا و چەوساندنەوەی تورکمانەکان و عەرەبەکان بۆ هەرێمەکە نێردرابێ وەهایە. ئەو بەر لەوەی بگاتە عێراق، لە فیلادلفیا بەوە ناسرابوو کە کەسێکی نزیکی لە لۆبی ڕۆم و ئەرمەنیە و دەشزانرێ کە لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (**The Philadelphia Inquirer**) سوکایەتی بە تورکیا کردووە. ! هەروەها ئەو یەکێک بوو لەو سەربازانەی ئەمەریکا کە لە کاتی تاوتوێ کردنی یاداشتنامەکەدا لە پەرلەمان، لە کەشتیەکانی خۆیاندا لە کەنداوی ئەسکەندەروونە چاوەڕێیان دەکرد. کەواتە دەبێت ئەو ڕقێکی ئەستوری لە ناخدا بێت. هۆی هەبوونی تیمی تورکی و بیرۆی پەیوەندی لە سلێمانی، بۆ ڕێگرتنە لە شەڕی عەشیرەتگەری نێوان بارزانی و تاڵەبانی و بۆ ئەو مەبەستە ماوەی ٧ ساڵە بە ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمەریکا و بەریتانیا لەوێن.)

## شتەکانی ناو دۆڵابەکان. . .

**موراد چەلیك – ڕۆژنامەی ستار ٢٠٠٣/٧/٨:**

(ئایا ئامانجی سەرەکی ئەمەریکا بەڵگەنامە و ئەرشیفی بیرۆی سلێمانی بوو؟ ئەم مەسەلەیە بە دەنگی بەرز باس ناکرێ، بەڵام گەرمترین و هەستیارترین پرسیاری پشتەوەی پەردەیە لە ئەنقەرە. سەربازەکان ئازاد کران و گەڕانەوە، بەڵام ئەو دۆکۆمێنتانەی کە ئەمەریکاییەکان لە کاتی پەلامارەکەدا دەستیان بەسەردا گرت، نەدرانەوە. لەم پەلامارەدا کە هێزی "دەلتا"ی زۆر تایبەتی ئەمەریکا بەشداری تێدا کرد، بە تەواوی دەستگیرا بەسەر دوو باوڵ بەڵگەنامەدا و بۆ بەغداد گوێزرایەوە. بەشێک لە بەڵگەنامەی ناو دوو باوڵە گەورەکە دۆسیەی "کاری تایبەت"ی کارمەندانی هەرێمەکە و نوسراوی ئیدارین کە دەکرێ بخرێنە خانەی کاری ڕۆتینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمەریکاییەکان دەستیان گرتووە بەسەر زانیاری و بەڵگەنامەی زۆر "نهێنی" و گرنگیشدا. لەم بەشەدا ئەم بەڵگەنامانە هەن:

- ڕاپۆرتی ڕاگەیاندنی چالاکیەکانی ئەنجامدراو لە هەرێمەکە. . .
- نوسراوی ئەو فەرمانانەی کە لە ئەنقەرەوە بۆ هەرێمەکە نێردراون کە هەندێکیان پەیامی جیفرەدارن. . .
- ڕاپۆرتی پێشبینی و هەڵسەنگاندنی خشتەی چالاکیە نەخشە بۆ کێشراوەکان، (دەبێ لەم خاڵەدا تێبینیەک دەستنیشان بکەین، دەستەواژەی "خشتەی چالاکی" لە تەرمینۆلۆژی سەربازیدا واتای ئەو کار و ئەرکانە دەگەیەنێ کە سەربازەکان ڕایدەپەڕێنن.) . . .
- ڕاپۆرت و نەخشەی تایبەت بە باری دیمۆگرافی و بیۆگرافی و جیۆگرافی و ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی باری ئیستیخباراتی هەرێمەکە. . .
- زانیاری لەسەر تورکمانەکان و هەڵسوکەوتی پێشمەرگەی کورد لە هەرێمەکە. . .
- چەندین ڕاپۆرت دەربارەی بارودۆخی خەڵکی سڤیلی هەرێمەکە.



www.kurdistannet.org